


# ژنانی کوردستان نازانن کێ دەبێتە نوێنەریان

ئا: هەرێز حەسەن

لەکاتێکدا هەمووی دوومانگ کەمتر ماوە بۆ هەڵبژاردن تائێستا زۆرێك لەئافرەتانی کوردستان نازانن کێ نوێنەریانە سارا کەمالی فەرمانبەر دەڵێت" من هەر نازانم ئەم هەڵبژاردنە چۆنەو باسی چی دەکاتو کێن ئەوانەی خۆیان هەڵئەبژێرن"، هەندێکی تریان بڕوایان وایە کەسەرباری ئەوەی ٢٥٪ی پەرلەمانی کوردستان وعێراق ژنن، بەڵام ئەم ژمارەیە زامن نییە بۆ ئەوەی گۆڕانکاری لە یاساکانی عێراقدا بکرێت.

خونچە ئیبراهیم کەتەمەنی ٥٢ ساڵەو ژنیماڵەوەیە، خاوەنی حەوت منداڵە دەڵێت "گەر ئەو یاسایانە گۆڕانکاری بەسەردا نەیەتو لەبەرژەوەندی ژن نەبێت ئەی سەدام بۆ رووخێنرا کەواتە هیچمان نەکرد بەهیچ". خەندە سەرکۆ کە خوێندکاری زانکۆیە پێیوایە کەیاساکانی عێراق هەروا بەئاسانی ناگۆڕێ کاتێك گۆڕان روو دەدات کە "رای کۆمەڵی نێرینە بگۆڕین بەرامبەر بەژن کە ئەم هەنگاوە نرا

گۆڕانکاریان بەسەردا دێت لەبەرژەوەندی ژنان".

بەڵام زۆربەی ژنان گلەیی لەوە دەکەن کەژنان خاوەنی لیستی تایبەتی خۆیان نین تارا محمد مامۆستای ناوەندی ئازادی کوڕان دەڵێت "ئەگەر لیستێکی تایبەت بەژنان هەبووایە دەرئەکەوت کە عەقڵی ئافرەت توانیوێتی شتێ بکاتو هەر دوای پیاو نەکەوێت". ژمارەیەك لە ئافرەتان داوا دەکەن کەکاندیدە ژنەکان گەنج بن، سارا کەمال کەتەمەنی ٢٥ ساڵەو فەرمانبەرە لەسەنتەری چالاکی گەنجان دەربارەی جۆرو بەرنامەی لیستەکە دەڵێت" ئەم لیستە تایبەتە بۆ داواکردنی یەکسانیمان لەگەڵ پیاواندا، نەك بۆ بەرەنگاربوونەوەی پیاوان".

لەدوای ڕاپەڕینەوە حیزبەکانی کوردستان ژنانیشیان دابەشکردووە و زۆر کەم لەدەرەوەی ڕێکخراوی ژنان وئافرەتانی حیزبەکانەوە چالاکی بەدی دەکرێت لەیلا عەبدوڵلا کە لە پۆلی چوارەمی ئامادەییە پێی وابوو کە لیستێکی تایبەت بە ژنان هەبێت لە دەرەوەی حیزبەکان تا

بکرێت دوور لە هەر چاودێرییەکی حیزبی ودەڵێت "ئەمەوێ ئەو نوێنەرە ژنانە کارێك بکەن چیدی ترس لەدڵی ژنانو کچاندا نەهێڵن".

ژنانی کوردستان پێیانوایە تائێستا ئەو ژنانەی نوێنەرایەتیان کردوون لەپەرلەمانی کوردستاندا نەیانتوانیوە هەنگاوی بەرچاو بنێن، هەندێك لەژنان پێیان وایە لەبەر کەمی ژمارەیان بووە لەپەرلەماندا، هەندێکی تر وای بۆدەچن کەئەم ژنانەش لەبەر ململانێی حیزبی نەیانتوانیوە شتێکی دیار بۆ ژن بکەن، شیا عەلی کەخوێنداری زانکۆیە بەلایەوە گرنگ نییە کە کەسایەتییەکانی ژنان کێبن، بەڵام "گرنگە کە ئەو ژنانە وەکو ژن کار بکەنو بیروڕای ژنانو کێشەی ژنان بگەیەننو چارەسەری بکەن نەك وەك نوێنەری حیزبێك یان ڕێکخراوێك کە کاری بۆ ئەکەن".

ئومێد لەنێو ژناندا زۆرە کەپەرلەمانی نوێی کوردستان وعێراق هەنگاوێکی جدی بۆ مەسەلەی ژنان بنێت، بەڵام تائێستا ئەو خەوانەنانە لەچاوەڕوانی ئەوەدان کەببنە


ژنانی کوردستان لەچاوەڕوانی ئەوەدان نوێنەری راستەقینەیان هەبێت لەئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانو عێراقدا ـ هاوڵاتی

# ئەو کچانەی خوێندنیان جێهێشتووە

ئا: چیمەن چەتۆ ـ ئاواز جەلال


هەندێك لەکچان بەهۆی مامەڵەی خراپی خێزانەوە، زوو لەخوێندن دادەبڕێن ـ هاوڵاتی

ئەوکچێکی گەنم ڕەنگی قژ خورماییە، کاتێك ئەدوێت هەست دەکەیت شتێکی گەورەی لەژیانی لەدەست چووە، هەر یەکێك پرسیاری وازهێنانی خوێندنی لێبکات قورگی پڕدەبێت لەگریانو ئاخ هەڵدەکێشێتو دەڵێت "بریا بیان هێشتبا بخوێنم"، چنار کچێکی تاقانەی تەمەن(١٨) ساڵەیە، تاوەکو پۆلی سێیەمی سەرەتایی لەقوتابخانەی نەبەز لەگەڕەکی کوردستان خوێندوویەتی.

ئەو دەڵێت کەوا هۆکاری سەرەکی وازهێنانی لەخوێندن لەساڵی(١٩٩٣)ەوە دەگەڕێتەوە بۆئەوەی لەمامۆستای بیرکاری ئەو کاتە ترساوە، هەروەکو خۆی دەڵێت "مامۆستای وانەی بیرکاری پرسیارێکی لێکردم، وەڵامەکەم بەهەڵە دایەوە، ئەویش دارێکی لەپەنجەم داو نینۆکێکم لەدەست دا".

سەرەڕای هۆکاری ترسانی لەمامۆستا، هۆکاری تریش هەیە، ئەویش دایك و خاڵی حەزیان نەکردووە قوتابخانە تەواو بکات، ئەمەش بەبیانووی ئەوەی "کچ پێویستی بەخوێندن نییە" و دەبێت چنار وەك کچێك خزمەتی ماڵەوە بکات.

ئەو ئێستا وەکو خۆی دەڵێت هەست بەبۆشاییەکی گەورە دەکات لەژیانیدا، چونکە لەو ماوە درێژەی خوێندنی جێهێشتووە، وای لێهاتووە خوێندنەوەی لەبیر بچێتەوە، هەر بۆیە زۆر بێزارە لەو بارودۆخەی تێدایە، چونکە هەر وەکو خۆی دەڵێت "لەماڵەوە نازانم کات بەچی بەسەر ببەم". لەبەرئەوەی هیچ شتێك نیە خۆی پێوە خەریك بکات جگە لەخەوتن و کاری ناو ماڵ.

چنار یەکێکە لەوسەدان کچانەی کە لەبەر هەر هۆیەك بێت لەخوێندن دابڕاوە، وئێستا لەماڵەوە ژیان بە نائاسودەیی بەسەر دەبات.

هەندێك کچ لەبەر ویستی ماڵەوە لەخوێندن دابڕاون، بەڵام هەندێکیتر بەویستی خۆیان وازیان لەخوێندن هێناوە. هەندێك لەوانەی دووەم ئێستا هەست بە پەشیمانیەکی زۆر دەکەن و هەرگیز لەو هەڵەیەی کردوویانە، لەخۆیان خۆشنابن.

دلارام کچێکی تەمەن (٢٢) ساڵەیە، تاوەکو پۆلی شەشەمی سەرەتایی لەقوتابخانەی چناری سەرەتایی تێکەڵاو خوێندووە، ئەو خۆی وازیهێناوە لەخوێندن پەشیمان بومەتەوە"، لەبەرئەوەی هەست دەکات زەرەرێکی گەورەی کردووە بەوازهێنانی لەخوێندن.

ئەو وەك کچانی تر نیە، چونکە قوتابی یاخود فەرمانبەر نیە، تاوەکو بتوانێت بەئاسانی بچێتە دەرەوە. دلارام دەڵێت کەوا ئەگەر بچێتە دەرەوە پرسیاری "بۆ کوێ دەچیت، بۆ دەچیت"یەخەی پێدەگرێت، تەنانەت ئەگەر لەماڵەوەش ڕێگەی پێبدرێت، ئەوا زۆر خۆشی لەکاتەکانی نابینێت، چونکە بەردەوام بیری لەوەیە بگەڕێتەوە ماڵەوە.

ئەو ڕۆژانە کاتەکانی بەخوێندنەوەو کاری ناو ماڵ دەباتە سەر، بەڵام "ئێستا حەز دەکات لەیەکێك لەدامودەزگاکان دابمەزرێت"، ئەمەش بۆئەوەی دووربکەوێتەوە لەو گۆشەگیریەی تووشی بووە لەماڵەوە.

زۆربەی ئەو کچانەی ناخوێننو لەماڵەکاندان چانسی ئەوەیان نییە خۆیان هاوسەری ژیانیان هەڵبژێرن، هەروەکو ئەمیرەی تەمەن (٢٩) ساڵ دەڵێت" چارەنوسی ئێمە لەدەست دایك و باوك و برامانە. ئەوان بۆیان هەیە ئەو کەسە هەڵبژێرن کەبەیانی دەبێتە هاوسەری ژیانمان".

ئەو تاوەکو پۆلی چوارەمی سەرەتایی لەقوتابخانەی بەفرینی تێکەڵاوی خوێندووە، بەهۆی خراپی مامەڵەکردنی مامۆستاکەیەوە وازی لەخوێندن هێناوە، تەواو کردنی خوێندن. ئەو زۆر حەزی لەخوێندنەوەیە ئەگەر کاری نەبێت ڕۆژانە دەخوێنێتەوە.

ئێستا ڕەوتێکی بەرفراوانی خوێندنو گەڕانەوە بۆ قوتابخانە لەئارادایە. خەڵکێکی زۆر ئەوانەی لەبەرهەر هۆیەك لەخوێندن دابڕاون، گەڕاونەتەوە بۆ قوتابخانە، ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی ژمارەی ئەو کچانەی لەخوێندن دابڕاون کەمتر ببێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەکی زۆری ئەو کچانە هێشتا لەزیندانەکانی ماڵەوە ماونەتەوەو نەگەڕاوەنەتە قوتابخانە. شۆخان دەڵێت کەوا ئەو ناتوانێت بگەڕێتەوە بەر خوێندن، چونکە "ماڵەوەیان بارودۆخی بۆ ناگونجێنن".

"نازانم لەو زیندانی ماڵە چی بکەم" ئەمە قسەی شۆخانی تەمەن (٢٠)ساڵە کە تاوەکو پۆلی یەکەمی ناوەندی خوێندووەو دواتر باوکی بەزۆر لەقوتابخانە دەریهێناوە.

ئەو دەڵێت کەوا ئامادەیە بچێتەوە قوتابخانە ئەگەر بواری بۆ برەخسێت، داواش دەکات کەوا کچان بەهیچ جۆرێك بیر لەوە نەکەنەوە خوێندن جێبهێڵن، ئەگەر داواشیان لێکرا، بەگوێیان نەکەن.

بەمشێوەیە سەدان کچ خوێندنیان جێهێشتووەو ئێستا لەناو چوار دیواری ماڵەوە بەنائاسودەیی ژیان دەگوزەرێنین، ئەوان دەیانەوێت هەلێان بۆ برەخسێتو جارێکیتر بگەڕێنەوە بەر خوێندن، بەڵام کەس بیریان لێناکاتەوەو هەلێان بۆ